# کەمپینی هەڵوەشانەوەی یاساى فرەژنی لە کوردستان

## Campaign against the polygamy law in Kurdistan

---

(ڕاگەیاندنی کەمپینی هەڵوەشانەوەی یاسای فرەژنی لە کوردستان)

هەروەك ئاگادارن 2008/10/27 پەرلمانی کوردستان لەکۆبوونەوی خۆیدا بەندی فرەژنی لەیاسای پیشنیارکراوی باری کەسیتی دا، پەسەندکرد. پەسەندکردنی ئەم بەندە، نەك هەر بەمانای چاولینەکردنی مافەکانی ژنانی کوردستانە لەیاساو پیوانە جیهانیەکان، بەلکو راستەوخۆ چەسپاندنی یاسای هەلاواردن و و ژیردەستەکردنی ژنانە بەیاسایەکی پیاوسالاری کە لەبنەرەتەوە لەسەر بنەمای جیاکاری رەگەزی دامەزرابیت. ئەمە جگەلەوەی کەئەگەر ئەم یاسایە بریاری یەکجاری لیبدری، پشیویەکی کۆمەلایەتی بەدوای خۆیدا دێنی و بناغەکانی مەدەنی بوونی کۆمەڵگا بەرەو رەگەزپەرستی و ئاپارتایدی جنسی رادەکیشی.

ئێستالە کوردستان و لەدەرەوەی وولات ژنان و خەڵکی یەکسانیخوازی کوردستان ناڕەزایەتیان بەرامبەر بەم بریارە دەربڕیوەو هەربۆیە پێویستمان بە کەمپینێکی سەراسەری هەیە بۆ سەرخستنی ئەم ناڕەزایەتیە و کۆکردنەوەی هەوڵەکانمان و ڕاکێشانی هاوپشتی نیونەتەوەیی تاکو لەڕێگای ئەم فشارانەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مسعود بارزانی ئەم یاسایەی پەرلەمان ئیمزا نەکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان تاکو فرەژنی لەم یاسایەدا قەدەغە بکرێت.

هەربۆیە ئیمە داوا لەهەموو چالاکەکانی بزوتنەوەی یەکسانی خوازی دەکەین کە بێن لەگەڵ ئەم کەمپینە کاربکەن تاکو ئەم بریارەی پەرلەمان سەبارەت بەیاسای فرەژنی هەلوەشێنینەوە. ئێمە ئامادەی هاوکاری هەموو گروپ و هەولێکین کە لەم پێناوەدا کاردەکات.

**هاوئاهەنگ کارانی کەمپینی هەڵوەشانەوەی یاسای فرەژنی لە کوردستان:**

**ئالا فرج (فنلند)، ئەستێرە فاتح (هۆلەند)، هەلاڵەرافع (سوید)، سوسن سليم و گۆناسعید (لندن)، پایزە ئەحمەد (هدسفیلد-بەریتانیا)، مریەم عبدالرحمن (ئۆتاوا-کندا) و چیمەن عارف (ئوسترالیا)**

2008/11/6

Email: kampinjnan@yahoo.co.uk